هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان: سودانی کاندیدمانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران



ئەندامێکی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دووپاتی کردەوە، محەممەد شیاع سوودانی، سەرکی هاوپەیمانییەتییەکە تاکە کاندیدمانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

شەممە، 22ـی تشرینی دووەمی 2025، قوسی مەحبووبە، ئەندامی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس کەموتووە بڵدواداچوونی بۆ کردووە نووسیویەتی: من ماوەی دوو مانگە دەڵێم کە نووری مالیکی، کاندیدی حزبی دەعوە و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ئەو ئەندامەی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، دەڵێت: "داوا لە لایەنەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگیی دەکەین، کاندیدەکانیان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕابگەینن، بۆ تایبەت ئەو لایەنانەی کە 25 کورسیی پەرلەمانی یاخود زیاتریان بە دەست هەناوە.

هاوکات ئاماژەی بۆ کرد، "ئەمەی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپیدان، لە هەڵبژاردنی خولی

شەشەمی پەرلەمانی عەراق ملیۆنێک و 300 هەزار دەنگمان بە دەست هێناوە و 46 کورسیی پەرلەمانیمان هەیە".

جەختی لەوەش کردەوە، تاکە کاندیدی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپیدان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عەراق، محەممەد شیاع سوودانییە.